# دەوڵەتداری ئیسلامی:
# مەدەنیبون یان ئایینیبون

ئامادەکردنی: تۆفیق کەریم

لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی خاڵ و دەزگای خانەی ( بەیان ) بۆ پێگەیاندن و
کاروباری کۆمەڵایەتی

*** ناوی کتێب: دەوڵەتداری ئیسلامی: مەدەنییبون یان ئاییننیبون**

*** ئامادەکردنی:** تۆفیق کەریم

*** دیزاینی بەرگ و ناوەوە:** وریا عەلی

*** ساڵی چاپ:** ٢٠١٨

*** تیراژ:** ١٠٠٠ دانە

*** نۆبەی چاپ:** یەکەم

*** چاپخانە:** ناوەندی ڕێنوین

*** لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی خاڵ و دەزگای خانەی (بەیان) بۆ پێگەیاندن و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان**

**ژمارەی سپاردنی (        )ی ساڵی ٢٠١٨ی پێدراوە**

# پێڕست



| ژ | ناوی بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | وتەیەکی پێویست | ٥ |
| ٢ | **ڕێخۆشکردن** | ٦- ١٥ |
| ٣ | یەکەم: مەبەستی سەرەکی شەریعەت | ٨ |
| ٤ | دووهەم: مەبەستی سەرەکی حوکمی ئیسلامیش دادپەروەربوونی حاکمە لە دەسەڵاتدارێتیدا | ٩ |
| ٥ | سێهەم: بەرجەستەکردنی مەبەستی شەریعەت لەلایەن پێغەمبەری خواوە | ١٢ |
| ٦ | چوارهەم: ئەزمونی ڕاشیدین ئەزمونێکی ئینسانی و ئیجتیهادی و مەدەنی بوە | ١٣ |
| ٧ | **پێناسەکان** | ١٦- ٢٣ |
| | دەوڵەت | ١٦ |
| ٨ | جۆرەکانی دەوڵەت<br>یەکەم/ دەوڵەتی ئاینی ئیسلامی یان دەوڵەتی پێغەمبەران (د.خ) | ١٦ |
| ٩ | دووەم/ دەوڵەتی ئاینی ثیوکراتی کەنیسەیی | ١٧ |
| ١٠ | سێیەم/ دەوڵەتی ئیسلامی مەدەنی | ١٩ |
| ١١ | چوارەم/ دەوڵەتی عەلمانی | ١٩ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٢ | پێنجەم/ دەوڵەتی عەلمانی مەدەنی | ٢٠ |
| ١٣ | شەشەم/ دەوڵەتی مەدەنی | ٢١ |
| ١٤ | **دەوڵەتی مەدەنی و ڕاو هەڵوێستی زانا و بیرمەندانی ئیسلامی** | ٢٣-٤٦ |
| ١٥ | پێشەکی و ڕیشەی مێژوویی | ٢٣ |
| ١٦ | چەمکی دەوڵەتی مەدەنی | ٢٣ |
| ١٧ | بنەما و کۆڵەکەکانی دەوڵەتی مەدەنی | ٢٤ |
| ١٨ | پوختەی هەڵوێستی زانایان | ٢٧ |
| ١٩ | لە فکری سیاسی ئیسلامدا، دەوڵەتی مەدەنی بۆ چییە؟ | ٣٠ |
| ٢٠ | دەوڵەتی مەدەنی و پرسی جیبەجێکردنی شەریعەت | ٣٤ |
| ٢١ | چەمکی شەریعەت و چەمکی جیبەجێکردنی شەریعەت | ٣٧ |
| ٢٢ | پێگەی ئاین و دامەزراوە ئاینیەکان لە دەوڵەتی مەدەنیدا | ٣٩ |
| ٢٣ | دەوڵەتی ئیسلامی هاوچەرخ | ٤١ |
| ٢٤ | ئەنجامگیریی | ٤٤ |

# وتەیەکی پێویست

**خوێنەری بەڕێز:**

ئەم نووسینەی بەردەستت تەوەری ژمارە (٧)ی گۆڤاری (خاڵ)ە، کە تایبەتبوو بە (دەوڵەتی ئیسلامی: مەدەنیبوون یان ئاینی بوون)، تیایدا کۆمەڵێک توێژەر و ڕۆشنبیری دیاری ئیسلامی لە بابەتەکەیان کۆڵیەوە.

ئیشی من پاش چەند جار خوێندنەوەی باسەکان پوختکردن و ڕێکخستنیانبو، تەنها ئەم چەند رستەیە و دەرئەنجامەکەیم بۆ زیادکردووە.

دەزانم ئەم نامیلکە، شەن و کەوی بابەتێکی وەک ئەو ناونیشانە هەستیار و فراوانە ناکات، بەڵام ئومێد دەکەم بەرکولێکی بەسوود بێت لەو بوارەدا.

ئامادەکردنی ئەم نامیلکەیە وەک نامیلکەی پێش خۆی (پرسی جیاکردنەوەی بانگەواز و سیاسەت) دووهەم تەوەرە، کە لەسەر داوای بەڕێزان لە (دەزگای خانەی بەیان بۆ پێگەیاندن و کاروباری کۆمەڵایەتی) بە سەربەخۆیی بڵاودەکرێتەوە، هەر بەڕێزیشیان ئەرکی چاپکردنەکەیان لەئەستۆ گرت، خوای گەورە پاداشتی خێریان بداتەوە. زۆر سوپاسان دەکەم.

تۆفیق کەریم

٢٠١٨/٧/١٣

## ڕێخۆشکردن

سەرەتای سەدەی بیستەم ژانی لەدایکبوونی سەدەیەکی بێ خەلافەتی ئیسلامی گرتبووی، سەرەنجام ئەوەی مسوڵمانان لە جیهاندا لێی دەترسان بەهۆی جەنگی یەکەمی جیهانی و ئاڵۆزی و قەیرانی بەردەوامی ناو جەستەی خەلافەت، دەوڵەتی عوسمانی و خەلافەتەکەی پاش شەش سەدە لە حوکمڕانی و ئیمپراتۆریەتکردن هەرەسی هێنا و ڕووخا.

بیرمەندان و زانایانی وەک کەواکبی و جەمالەدینی ئەفغانی پەنجا ساڵ پێش ڕووخانی دەسەلات و کیانی ئیسلامی و خەلافەت، هەوڵی زۆریاندا و پرۆژەی چاکسازی سیاسی، کارگێڕی، فیکری، یاسایی و مەعریفی زۆریان پێشکەش کرد لە قۆناغی پیاوە نەخۆشەکەی خەلافەتی عوسمانیدا، بەڵام بێ ئەنجام بوو.

پاش سێ ساڵ لە هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت و لە ساڵی ١٩٢٦ کۆنگرەیەک بەسترا، لەو کۆنگرەدا نوێنەر و زانا و بیرمەندی ٣٤ وڵاتانی ئیسلامی ئامادەبوون، لەکۆتاییدا کۆنگرەکە سەرکەوتوو نەبوو، ڕاگەیەندراوێکیان بڵاوکردەوە، لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە: (خەلافەتی شەرعی کە هەموو مەرجەکانی خەلافەتی تێدا بێت وەک ئەوەی شەریعەت باسی دەکات کە گرنگترینیان بەرگریکردنە لە نیشتیمانی مسوڵمانان و ئاین و جێبەجێکردنی شەریعەتی پیرۆز، لە ئێستادا ناکرێت و ئەستەمە بەدیبێت بەهۆی ئەو بارودۆخەی موسوڵمانانەوە کە تێیکەوتوون). بەوشێوەیە بە فەتوای زانایان مەسەلەی گێڕانەوەی خەلافەت کۆتایی پێهێنرا، بەبیانووی نالەباریی بارودۆخی جیهانی ئیسلامی.

لە دوای ئەو مێژووەوە موسڵمانانی جیهانی ئیسلامی بە سەرکردایەتی زانایان و بیرمەندان و شێخانی تەریقەت هەوڵی زۆریاندا بۆ سەربەخۆیی لەسەر ئاستی وڵاتەکانیان ئەویش پاش پارچە پارچەکردن و دابەشکردنی دەوڵەتی عوسمانی.

دواتر شێوازی دەوڵەتی مۆدێرن لە هەموو پارچەکانی دەوڵەت و خەلافەتە پارچەکراوەکەدا جێگیر بوو، کۆمەڵێک چەمکی سیاسی، فیکریی و ئابووری نوێ سەریان هەڵدا و یاسا نێودەوڵەتییەکان پەرەیان سەند و جێگیر بوون، یاساکانی ئەوروپاش وردەوردە خزێنرانە نێو دەستور و یاساکانی وڵاتانی ئیسلامی.

لەو چەمک و دەستەواژانەی زۆرترین قسەی لەسەر کراوە جەدەل و دیالۆگی دروستکردووە و دواجار سەدان نامەو تێزی زانستی و فیکری لەسەر نووسراوە، بابەتی دەوڵەت و جۆرەکانی دەوڵەت بوو، بابەت و توێژینەوەکانیش یان گەڕان بووە بەدوای چارەسەردا یاخود وەڵامی پرسیاربوون یان وەڵامی شوبهە و گومانە دروستکراوەکان بوون یان وەڵامی ئەو (تحدی) و هەڵێنجانە فیکرییانە بوون کە دوای ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی ڕوویانکردە جیهانی ئیسلامی، وەک چۆن سەرهەڵدانی ڕێنیسانس کۆتایی بە دەسەڵاتی کەنیسە و حکومەتی ئاینی ثیوکراتی هێنا، هەر بەوچەشنەش ویستیان کۆتایی بە ئیسلام و فیکری ئیسلامی و شەریعەتی ئیسلامیش بهێنن.

بێ ئاگا لە جیاوازی ڕیشەیی نێوان سروشتی مەسیحیەت و ئیسلام، تێڕوانینی هەردوولایان بۆ چەمکە جیاوازەکان، لەوانەش شێوەی دەسەڵاتدارێتی، چونکە بە سەرنجدانی دەقەکانی ئاینی

ئیسلام و مێژووی بەرجەستەکردنی ئەو دەقانە لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا لە سەرەمی پێغەمبەر و خەلیفەکانی راشیدیندا.

ئەم خاڵانەمان بۆ روونده‌بێتەوە:

## یەکەم: مەبەستی سەرەکی شەریعەت، بەرژەوەندی خەڵکە

یەکێک لە مەبەستە سەرەکییەکانی هاتنی ئیسلام بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی خەڵکە، بە هەردوو باری نەهێڵانی خراپەکارییەکان و بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانی تایبەت بە ژیانی مرۆڤ، لەم ڕوانگەیەوەیە زانایەکی وەک (عز بن عبدالسلام) دەڵێت: (وَالشَّرِيعَةُ كُلُّهَا مَصَالِحُ إِمَّا تَدْرَأُ مَفَاسِدَ أَوْ تَجْلِبُ مَصَالِحَ)، شەریعەت هەمووی لەپێناوی بەرژەوەندی مرۆڤەکاندایە، چ بە لابردن و نەهێشتنی خراپەکارییەکان بێت یاخود بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکان بێت، لای (ابن تيمية)ش، ئامانج لە ناردنی پەیامبەران: بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکان و تەواوکردنیانە و پەکخستنی خراپەکان و کەمکردنەوەیانە، هەرشتێکیش فەرمانی خوایی لەسەر هاتبێ زۆرترین بەرژەوەندی مرۆڤەکانی تێدایە، هەروەک دەڵێت: (فَإِنَّ اللَّهَ بَعَثَ الرُّسُلَ بِتَحْصِيلِ الْمَصَالِحِ، وَتَكْمِيلِهَا، وَتَعْطِيلِ الْمَفَاسِدِ وَتَقْلِيلِهَا، فَكُلُّ مَا أَمَرَ اللَّهُ بِهِ وَرَسُولُهُ فَمَصْلَحَتُهُ رَاجِحَةٌ عَلَى مَفْسَدَتِهِ).

(شاطبي)ش وەها دەڕوانێتە شەریعەت کە تەنها بۆ بەرژەوەندی مرۆڤەکان دانراوە: (أَنَّ الْمَعْلُومَ من الشريعة أنها شُرِعَتْ لِمَصَالِحِ الْعِبَادِ، فَالتَّكْلِيفُ كُلُّهُ إِمَّا لِدَرْءِ مَفْسَدَةٍ، وَإِمَّا لِجَلْبِ مَصْلَحَةٍ، أَوْ لَهُمَا مَعًا). ئەم بۆچونانە دەربڕی مەبەست و ناوەڕۆکی شەریعەتە و سازە لەگەڵ فەرمایشتی: (وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ).

## دووهەم: مەبەستی سەرەکی حوکمی ئیسلامیش دادپەروەربوونی حاکمە لە دەسەڵاتداریێتیدا

دادپەروەربوون لە ڕەفتار و گوفتاردا فەرمانێکی خواییە: (إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَ الْأَحْسَانِ وَ إِيتَاءِ ذِي الْقُرْبَى وَ يَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَ الْمُنْكَرِ وَالْبَغْيِ يَعِظُكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ ) (النحل: ٩٠).

ئەو دادگەرییەی ئیسلام داوای دەکات، دەبێت حەز و ئارەزووە کەسییەکانی مرۆڤ نەبێتە ڕێگری و بەپێی ئەو حەزانە لە بەرامبەر کەسەکاندا یاری بە چەمکی دادگەری نەکات، بەڵکو پێویستە لەگەڵ ناحەزەکانیشیدا دادگەرانە ڕەفتار بکات، ئەمەش داوایەکە خوای گەورە ویستویەتی و دەیەوێ (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ لِلَّهِ شُهَدَاءَ بِالْقِسْطِ وَلا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلَّا تَعْدِلُوا اعْدِلُوا هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ ) (المائدة : ٨).

نابێ دادگەری لەژێر کاریگەری خزمایەتی و پەیوەندییە خزمایەتییەکاندا پشتگوێ بخرێت و پێشێل بکرێت: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُواقَوَّامِينَ بِالْقِسْطِ شُهَدَاءَ لِلَّهِ وَلَوْ عَلَى أَنْفُسِكُمْ أَوِ الْوَالِدَيْنِ وَالْأَقْرَبِينَ إِنْ يَكُنْ غَنِيّاً أَوْ فَقِيراً فَاللَّهُ أَوْلَى بِهِمَا فَلا تَتَّبِعُوا الْهَوَى أَنْتَعْدِلُوا وَ إِنْ تَلْوُوا أَوْ تُعْرِضُوا فَإِنَّ اللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيراً) (النساء : ١٣٥) .

فەرمان بە دادوەری بۆ سەرجەم خەڵکییە بەبێ جیاوازی لە نێوانیاندا: (يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُواقَوَّامِينَ بِالْقِسْطِ شُهَدَاءَ لِلَّهِ وَلَوْ عَلَى أَنْفُسِكُمْ أَوِ الْوَالِدَيْنِ وَالْأَقْرَبِينَ إِنْ يَكُنْ غَنِيّاً أَوْ فَقِيراً فَاللَّهُ أَوْلَى بِهِمَا فَلا تَتَّبِعُوا الْهَوَى أَنْتَعْدِلُوا وَ إِنْ تَلْوُوا أَوْ تُعْرِضُوا فَإِنَّ اللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيراً) (النساء: ١٣٥).

ئامانجی سەرەکی ناردنی پێغەمبەران و دابەزاندنی پەڕاوەکانیان جێبەجێ بوونی دادگەرییە لە نێوان خەڵکی و نەهێشتنی ستەم و زۆرداریيە: (لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِالْبَيِّنَاتِ وَ أَنْزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابَ وَ الْمِيزَانَ لِيَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسْطِ) (الحديد: ٢٥).

خوای گەورەش دادخوازانی خۆش دەوێ: (إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ) (الحجرات: ٩)، خۆشی لە ستەمکاران نایەت: (وَاللَّهُ لا يُحِبُّ الظَّالِمِينَ) (آل عمران: ٥٧).

دادپەروەری لە سیاسەت کردن و قەزاوەت کردندا فەرمانی خواییە: (إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ) (النحل:٩٠)، (وَإِذَا حَكَمْتُمْ بَيْنَ النَّاسِ أَنْ تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ) (النساء: ٥٨)، هەمان داواش لە پەیامبەر کراوە: (وَأُمِرْتُ لِأَعْدِلَ بَيْنَكُمُ) (الشورى :١٥)، (قُلْ أَمَرَ رَبِّي بِالْقِسْطِ) (الأعراف: ٢٩)، دادگەری لە وتار و گوفتاریشدا ئەرکێکی ئاینیە: (وَإِذَا قُلْتُمْ فَاعْدِلُوا) (الأنعام: ١٥٢). لە چەندین جێگە و باری جۆراوجۆری تردا دادپەروەری بنەما و ڕوانگەیەکی قورئانییە.

لەم ڕوانگەیەوەیە کاتێک ئافرەتێکی مەخزومی دزی دەکات پێغەمبەر (ﷺ) ئامادە نیە لێخۆشبوونی بۆ دەرکات و لێی ببورێ، هەرچەندە تکایان بۆی کرد و هەوڵی زۆریان بۆی دا .. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانڕەوایان دەترسێنێت لەوەی ناپاکی لە موسڵمانان بکەن و هەڕەشەی چونە دۆزەخیان لێ دەکات (عن أبي معلى معقل بن يسار (رضي الله عنه) عنه قال: سمعت رسول الله (ﷺ) يقول: (ما من عبد يسترعيه الله رعيةً، يموت يوم يموت وهو غاشٌّ لرعيته إلا حرّم الله عليه الجنة) متفق عليه، کەواتە ناپاکی کردن لە دەست و پەیوەند و خەڵک و جەماوەر هۆکاری چوونە دۆزەخە.

دادگەری بنەمای مانەوە و سەقامگیری ژیان و کۆمەڵگەکانە و ستەمیش پێچەوانەکەیەتی، کاروباری دونیا ڕێک و ڕاست دەڕوات بەڕێوە ئەگەر دادگەری بەرپابوو با هەندێ تاوان و گوناهیشی تێکەوێت هەروەک لە واقعی ئەمڕۆی هاوچەرخدا دەیبینین، بەڵام ژیان و گوزەرانی خەڵک بەتەواوی تێکدەچێت و شیرازەی دەپچڕێت ئەگەر ستەمکاری باڵادەست بوو با ستەمکاریش خۆی بە موسڵمان بزانێت، خوای گەورە دەوڵەتی دادگەر پایەدار دەکات با کافریش بێت و دەوڵەتی ستەمکاریش شکست پێ دێنێ با مسوڵمانیش بێت.

سیاسەتی دادگەرانە، بەشێکە لە بەشەکانی شەریعەت و چڵێکە لە چڵەکانی، هەرکەسیش شارەزای مەبەست و کرۆکەکانی بێ و باش لێی تێگەیشتبێ بەهیچ شێوەیەک پێویستی بە سیاسەتێکی تر نییە. سیاسەتیش لە دیدی ئەودا دوو جۆرە: سیاسەتی ستەمکارانە کە شەریعەت حەرامی کردووە، سیاسەتێکی دادگەرانە کە ماف لە ستەمکار دەسێنێت و مافی مافداران بەدەست دێنێت،

دادگەری بریتی بێت لە دانانی شتەکان لە جێگە و ڕێگەی شەرعی و شایستەی خۆیدا و پێدانی ماف و پایەکان بێ بە خاوەنەکانیان، ئەوا دەتوانرێت بوترێ: ستەم دانانی هەرشتێکە لە شوێنی ناشایستەدا جا بە کەمکردنەوە بێت یان زیادکردن، یان لادانی هەر شتێکە لە کات و شوێنی خۆی، یاخود بەوە پێناسەی بکەی کە (ظلم) دژ و پێچەوانەی (عدل)ە.

## سێهەم: بەرجەستەکردنی مەبەستی شەریعەت لەلایەن پێغەمبەری خواوە:

* پێغەمبەر (ﷺ) هاوتەریب بەکاری پێغەمبەریتی و گەیاندنی ڕاستییەکانی و وەحی، وەک ڕابەرێکی سیاسی سەرپەرشتی کاروباری گشتی مسوڵمانان و دانیشتوانی شاری مەدینەو دەوروبەری کردووە بەگشت ڕەهەندەکانی حوکمڕانییەوە لەو ڕۆژگارەدا.

* پێغەمبەر و خەلیفەکانی ڕاشیدین بە هیچ شێوەیەک کاریان نەکردووە بۆ دامەزراندنی دام و دەزگایەک بۆ دەسەڵاتێکی ئاینی هاوشێوەی ئەو دەزگا ئاینیانەی کە پیاوانی هەردوو ئاینی جوولەکە و مەسیحیەت مومارەسەیان کردووە.

* پێغەمبەر لە دوای خۆی پێگە ئاینی و سیاسییەکەی خۆی نەسپاردووە بە هیچ کەسێک و بە میراتی بەجێی نەهێشتووە بۆ هیچ کەس و دامەزراوەیەک.

* هەروەک شێوەو شێوازێکی دیاریکراویشی لەبارەی چۆنێتی مومارەسەکردنی دەسەڵاتی سیاسی دیاری نەکردووە.

* بەڵام لەوە گرنگتر ئەوەیە کە پێغەمبەر چەندین بنەمای ئەساسی و بەهای باڵای لە چوارچێوەی دەقەکانی قورئان و سوننەتی صەحیحدا لەبارەی چۆنێتی مومارەسەکردنی دەسەڵاتی سیاسییەوە جێگیر کردووە، وەک بنەماکانی شورا و دادپەروەری و یەکسانی و دژایەتی کردنی ستەم و گەندەڵی، فەرماندان بە چاکە و نەهیکردن لە خراپە، ڕێزگرتن لە کەرامەتی مرۆڤ لە هەر ڕەگەز و ئاین و نەتەوەیەک بێت، لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی

گشتی و ڕێزگرتن لە خواست و ئیرادەی ئوممەت، چاودێریکردنی دەسەڵاتداران و لێپرسینەوەیان، هەروەها چەندین بەهاو بنەمای تر بۆ تەواوکردن و بە ئەنجام گەیاندنی ئەو بەهاو بنەما سەرەکیانە.

## چوارهەم: ئەزمونی ڕاشیدین ئەزمونێکی ئینسانی و ئیجتیهادی و مەدەنی بوە

ئەزمونی خەلیفەکانی ڕاشیدین بەتەواوی ئەزمونێکی ئینسانی و ئیجتیهادی و مەدەنی بووە، چونکە یەکەم خەلیفەی ڕاشدین لە وتاری دوای هەڵبژاردنی ئەم ڕاستییانەی خوارەوەی سەلماند، کە:

* دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسی لە ڕوانگەی ئیسلامەوە لەسەر بنەمای ڕەزامەندی ئوممەت و بەرپرسیارێتی دەسەڵاتدار بەرامبەر بە ئوممەت دادەمەزرێت.

* سەرۆکی وڵات وەکیلی خودا نیە و نوێنەرایەتی خودا ناکات، بەڵکو وەکیلی خەڵکەو نوێنەرایەتی خەڵک دەکات و لەلایەن خەڵکەوە ڕادەسپێردرێت و خەڵک مافی چاودێریکردن و لێپرسینەوە و لابردنیشی هەیە.

خەلیفە ئەبوبەکر لە وتارەکەیدا کە دەڵێت: (لقد وليت عليكم ولست بخيركم، فان احسنت فأعينوني وان أسأت فقوموني، أطيعوني ما اطعت الله فيكم، فان أسأت فلا طاعة لمخلوق في معصية الخالق......) لە دەقەکانی ئەم وتارە گرنگەدا ڕاشکاوانە دانیناوە بە بنەما سەرەکییەکانی دەوڵەتی مەدەنیدا، کە بریتین لەم بنەمایانەی خوارەوە:

یەکەم: بنەمای دیاریکردنی سەرۆکی وڵات لەلایەن گەل یان نوێنەرەکانییەوە.

دووەم: بنەمای چاودێریکردنی دەسەڵات لەلایەن گەلەوە.

سێیەم: بنەمای مەشروعیەت یان سەروەری یاسا لە چوارچێوەی مەرجەعیەتی دەستوریدا، کە دیارە مەرجەعیەت و سەرچاوەی باڵای یاسادانان بۆ مسوڵمانان ئیسلام و شەریعەتەکەیەتی.

بەوشێوەیە دەتوانین بڵێین ئەزمونی خەلیفەکانی ڕاشدین لە حوکمڕانیدا، تێکڕای تیۆرەکانی دامەزراندنی دەسەڵاتی سیاسی نامەدەنی هەڵوەشاندوەتەوە وەک:

- تیۆری بەکارهێنانی هێز بۆ زاڵبوون و دەستبەسەراگرتن.
- تیۆری مافی خوایەتی و پێ سپاردن لەلایەن خواوە.
- تیۆری بە میراتی و بۆماوە لە بنەماڵەیەکی خاوەن پێگە و ڕەگەزێکی بە حساب باڵا کە تا ئێستاش لەلای هەندێ نەتەوەو ناوچە کاری پێ دەکرێت.

لەو سۆنگەیەوە دەتوانین بڵێن کە:

* جیاوازی زۆرە لە نێوان دەوڵەتی ئیسلامی و دەوڵەتی ئایینی بە تێگەیشتنە ڕۆژئاواییەکەی و دەتوانین بڵێین کە دەوڵەتی ئایینی بە تێگەیشتنە ڕۆژئاواییەکەی لە ئیسلامدا بوونی نیە.

* ئەگەرچی نکوڵی لەو ڕاستیەش ناکرێت کە دەوڵەتی خەلافەت لە مێژووی ئیسلامیدا وەک پێویست نەیتوانیوە مەدەنی بێت، چونکە لە دوای خەلیفەکانی ڕاشدین بنەماکانی شورا و ڕەزامەندی ئوممەت کاری پێ نەکراوەو هەوڵیش نەدراوە کارپێکردنیان بخرێتە چوارچێوەی دامەزراوەییەوە. لەلایەکی دیکەوە هەموو دەسەڵاتە ئاینی و زەمەنیەکان لەکۆتاییدا لە دەستی شەخسی خەلیفەدا

کۆدەبوویەوە، هەندێ جاریش خەلیفە و دەوروبەرەکەی کاریانکردووە بۆئەوەی شێوەیەک لە پیرۆزی ئاینی بدەن بەبڕیار و هەڵسوکەوتەکانیان.

* ئەڵبەت کاتێک دەڵێین لە ئیسلامدا دەوڵەت وەک کەنیسەی رۆژئاوا نەبووە، بەومانایە نیە کە هیچ پەیوەندیەک نەبێ لە نێوان ئیسلام و دەوڵەتدا، چونکە لە وڵاتانی ئیسلامیدا دەوڵەت پێویستە پشت بەستوو بێت بە مەرجەعیەتی ئیسلامی، مەدەنیبوونی دەوڵەت رێگە لەوە ناگرێت پەیوەندیەکی ئیجابی هەبێ لەگەڵ ئاینی ئیسلامدا، ئیسلام و دەوڵەت دەتوانن پێکەوە هەڵبکەن و جۆرێک لە پەیوەندی لە نێوانیاندا هەبێ.

لە دەوڵەتی ئایینیدا دەسەڵاتدار خۆی بە نوێنەری خوا دەزانێت و بڕیارەکانی ڕەتناکرێنەوە و بەرگێکی پیرۆز دەبەخشێت بە بڕیارەکانی، بەڵام لە ئیسلامدا تەواو پێچەوانەیە و کاروباری ئایینی تایبەتە بە تاک و کۆمەڵگەوە، بەڵام دەوڵەتی ئایینی دەستوەردەداتە هەموو کاروبارێک و سروشتێکی تاکڕەوانەی هەیە.

پاش ئەم ڕێخۆشکردنە دەچینە سەر ناوەرۆکی بابەتەکە و وەڵامی پرسیارەکان لە روانگەی فیکری ئیسلامیەوە دەدەینەوە سەبارەت بە شێوەی ئەو دەوڵەتدارییەی لە ئایینی ئیسلامدا پەسەندە. بەڵام جارێک با بزانین دەوڵەت خۆی چییە؟ جۆرەکانی کامانەن؟ قسەی زانا و بیرمەندانی ئیسلامی لەسەریان چییە؟

# پێناسەکان

## دەوڵەت

دەوڵەت: "کۆمەڵێک خەڵک (گەلێک) چالاکی و گوزەرانی خۆیان ئەنجام دەدەن لەسەر هەرێمێکی جوگرافی دیاریکراو، پابەندن بە سستمێکی سیاسی دیاریکراوەوە کە لەسەری ڕێکەوتوون و دەوڵەتەکەی پێ بەڕێوەدەبەن، دەوڵەتیش واتە حکومەت کە سەرپەرشتی چالاکییە سیاسی و ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکان دەکات، کە ئامانجیان پێشخستن و گەشەپێدان و باشکردنی ئاستی ژیانی خەڵکەکەیەتی"، جیهانیش دابەش دەبێت بەسەر کۆمەڵێک دەوڵەتی زۆردا، بە جیاوازی شێوازی دەوڵەتەکان و سستمی سیاسیانەوە.

## جۆرەکانی دەوڵەت

### یەکەم/ دەوڵەتی ئاینی ئیسلامی یان دەوڵەتی پێغەمبەران (د.خ):

ئەو دەوڵەتانە بوون، کە حاکم و دەسەڵاتدار تێیاندا پێغەمبەران (د.خ) بوون، دەوڵەتی دادگەری و یەکسانی و مافەکان بوون، ئەم دەوڵەتانە بە مردن و کۆچکردنی پێغەمبەری ئیسلام (ﷺ) کۆتاییان هات. لەبەرئەوەی وەحی کۆتایی هات و پێغەمبەری دیکەش نایەت و هیچ فەرمانڕەواو سستمێکی حوکمڕانیش ناتوانێت بەناوی خواوە حوکم و فەرمانڕەوایی بکات، بۆیە هەر فەرمانڕەوا و دەوڵەتێک بەناوی خواو ئایینەوە فەرمانڕەوایی بکات و فەرزی دەسەڵات و ئیرادە بکات ئەوە شەرعیەت وەرناگرێت، مەگەر بە خۆسەپاندن و دیکتاتۆریەت.

## دووەم/ دەوڵەتی ئاینی ثیوکراتی کەنیسەیی:

واتە دەسەڵاتی پیاوانی ئاینی (الاکلیریوس)، ئەو دەوڵەتەیە کە حاکم و دەسەڵاتدار بەناوی خواو بریکار و جێگری خواوە بەسەر کۆمەڵگادا فەرمانڕەوایی دەکات، حاکم و یاساکان و بریکارەکانی پیرۆزی لە پیرۆزیی ڕەهایی خواوە وەردەگرن. حکومەتی دینی کۆمەڵێک بنەمای هەیە و بەو بنەمایانەدا دەناسرێتەوە، لەوانەش: جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بوونی نییە، دەسەڵاتەکانی یاسایی و دادوەریی و جێبەجێکردن لە دەست یەک کەسدا کۆبۆتەوە، جا ئەو کەسە پاپایە، یاخود ئیمپراتۆر یان کەسێکی بنەماڵەی پاشایەتی، دەسەڵات لە حکومەتی دینیدا ڕەهایە و کەس بۆی نییە پێچەوانەی بڕیار و ڕێنماییەکانی بوەستێتەوە یان بە هەڵەیان بزانێت.

زانایان و بیرمەندان کۆکن لەسەرئەوەی، لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لە ئەوروپا ئەم جۆرە دەوڵەتە فەرمانڕەوایی کردووە، بە هەموو زیادەڕەوییەکەوە، سەرەنجام بیرۆکەی شۆڕش بەسەر دەسەڵاتی لاهوت و حوکمە بەناو ئاینییەکان دروستبوون و ڕوخێنران.

بە تێگەیشتنە باوەکەی کە نمونەی دەوڵەتی تیۆکراتی و ئیستیبدادیە، لەسەر بنەمای تێکەڵکردنی تەواوی نێوان ئاین و دەوڵەت دادەمەزرێت و تیایدا هەموو دەسەڵاتەکان: ئاینی و مەدەنی، تەشریعی و تەنفیزی، هەر هەمووی لە لوتکەدا لەلای تاکە کەسێک یان دەزگایەک کۆدەبێتەوە کە لەسەرو هەموو دەزگا دەستووری و سیاسیەکانەوەیە بە نوێنەرایەتی خودا شەرعیەت دەبەخشێت بە بڕیار و ڕێنماییەکانی.

ئەوەی پەیوەستە بە ئیسلامەوە، ڕاوبۆچوونی جیاجیا لەمبارەیەوە هەیە، بەڵام بە گشتی مامەڵە لەگەڵ ئەم مەسەلەیەدا لە

ڕوانگەی ئایەتەکانی قورئان و سوننەت و مێژووی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامیەوە دەکەن، ئەگەرچی تێڕوانینی میانڕەوانەو توندڕەوانەش لە نێوانیاندا هەیە.

ڕاستە دەوڵەتی خەلافەت لە مێژوودا هاوشێوەی ئەو دەوڵەتە ئاینییە (تیۆکراتی)ە نەبووە کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لەلایەن کلێسا و پاپای مەسیحیەکانەوە سەپێنرابوو بەسەر گەلانی ئەورووپادا، بەڵام لەهەمانکاتدا بەشێوەیەک لە شێوەکان نمونەیەک بووە لە دەوڵەتی ئایینی و هەموو دەسەڵاتەکان (ئایینی و دنیایی) لەکۆتاییدا گەڕاوەتەوە بۆ خودی خەلیفە یان سوڵتان، بەبێ ئەوەی بەرپرسیاربێت بەرامبەر هیچ دامەزراوەیەکی دەستووری کە نوێنەرایەتی ئوممەت بکات.

ئێستاش لە تێڕوانینی ئەهلی سوننەتدا دەوڵەتی ئیسلامی هەر هەمان شێوازە مێژووییەکەی هەیە، هەروەک مەزهەبی شیعەش لەسەر بنەمای ئیمامەت دامەزراوەو هەموو دەسەڵاتەکان پێویستە بگەڕێتەوە بۆ لای خودی ئیمام، ئەویش بەشێوەیەک لە شێوەکان نوێنەرایەتی خودا دەکات لەسەر زەوی.

تیۆری ویلایەتی فەقیهیش کە لەبری تیۆری ئیمامەت دانراوە، ئەگەرچی پشت بەستووە بە هەڵبژاردن لەلایەن ئەنجومەنێکەوە کە گەل هەڵیان دەبژێرێت، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا شێوەیەکە لە دەسەڵاتی ئایینی.

لە هەردوو حاڵەتەکەدا خودی خەلیفە یان ئیمام یان وەلی فەقیهـ وەک ڕابەرێکی ئاینی باڵا سەیر دەکرێت و جۆرێک لە (عیصمەت و قودسیەت) بە بڕیار و ڕاسپاردەکانی دەدرێت کە دەیخاتە سەرو یاساوە بەبێ هیچ لێپرسینەوە و لێپێچینەوەیەک.

**سێیەم/ دەوڵەتی ئیسلامی مەدەنی:**

بەپێی هەموو ئەو بابەتە شیکارییە مێژوویی و فیقهیانەی کە ئەنجامدراون، لەلایەن زانایان و بیرمەندانی کۆن و نوێ و ئەوانەش ئێستا لە ژیاندان هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی کە:" دەوڵەت و حکومەت و فەرمانڕەوایی پاش کۆچی پێغەمبەر (ﷺ) ماوەتەوە بۆ ئیجتیهاد، واتە بۆ عەقڵی موجتەهید بەپێی جیاوازی کات و شوێن و دابونەریت بەسوودوەرگرتن لە دەقەکان".

بەردی بناغەی مەدەنی بوونی دەوڵەتیش بۆ یەکەم دەستوور (صحیفە- دەستوری مەدینە) دەگەڕێتەوە، کە لە (٥٢) مادەدا پەیوەندییەکانی نێوان مسوڵمانان و جولەکە و موشریکەکانی ڕێکخست، بە هەموو مافەکانی مرۆڤ و هاووڵاتیبوون ...هتد.

**چوارەم/ دەوڵەتی عەلمانی:**

بەو دەوڵەتانە دەگوترێت کە تەواوی ئاین لە سیاسەت و ژیان جیادەکەنەوە و لە دەستووردا ئاماژە بە هیچ ئاینێک ناکەن، وەک (د.اسماعیل الشطي) دەڵێت: (زۆر وڵات ئاینی فەرمی وڵاتی لە دەستووردا هەڵگرتووە پاشان تۆماری کردووەتەوە و پاشان جارێکی تر هەڵیگرتووەتەوە).

ئەگەر باش هۆکارەکانی ئەو دڵەڕاوکێ و ناجێگیرییە بخوێنیتەوە، دەبینین دەگەڕێتەوە بۆ هەڵوێستی زۆرینە و کەمینە و جەدەلی عەلمانی بوون و مەدەنی بوون و ئاینیبوونی دەوڵەتەکە، بەڵام لە دەوڵەتی مەدەنی تەواودا ئەو دڵەڕاوکە و ناجێگیرییە هەڵگیراوە و دەوڵەتە مەدەنییەکان ئاینی زۆرینەیان لە دەستووردا

جێگیرکردووە. لە نێوان سالانی (١٩٧٠ ـ ٢٠٠٠)دا (٢١) دەوڵەت مەزهەبی کاسۆلیک و (٩) دەوڵەت پرۆتستانت و (٢٢) دەوڵەت ئایینی ئیسلامیان لە دەستووردا جێگیرکردووە.

دەوڵەتی عەلمانی تەواو بەپێچەوانەی دەوڵەتی ثیۆکراتی کڵێسەوە بە هیچ شێوەیەک ڕێگا نادات هیچ شەریعەتێکی ئاسمانی ڕۆڵی دەستوری یان یاسایی یان سیاسی یان لە ڕێکخستنی پەیوەندییەکاندا هەبێت.

دەوڵەتی عەلمانی: کە لە سەر بنەمای جیاکردنەوەی تەواوی ئاین لە دەوڵەت دادەمەزرێت، وەک ئەو مۆدیلەی کە لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوادا بەشێوازی جیاجیا هەیە. دەوڵەتی عەلمانیش بەشێوازی جیاجیا مومارەسە دەکرێت لە نێوان شێوازی توندڕەوانەی وەک مۆدێلی فەرەنسا و تورکیای کەمالیزم، یان شێوازی میانەڕەوانەی وەک بەریتانیا.

### پێنجەم/ دەوڵەتی عەلمانی مەدەنی:

ئەوەی بیرمەندان و زانایان گوتوویانە، محەمەد جبار کۆیکردووەتەوە و دەڵێت:" دەوڵەتی عەلمانی- مەدەنی، ئەو دەوڵەتەیە کە دەسەڵاتەکانی حوکم و فەرمانڕەوایی و بەڕێوەبردن و یاسادانان و فێرکردن لە دامودەزگا ئاینییەکانەوە دەگوازێتەوە بۆ دەستگاو دەستە مەدەنییەکان، بۆئەوەی ڕۆڵی ڕێکخستنی کاروبارەکانی کۆمەڵگە ببینین بەپێی شێواز و ڕێبازە زانستییەکان بە جۆرێک کە خۆشگوزەرانی دەستەبەربکات بۆ هەموو کۆمەڵگە لە نیشتیمانێکدا کە هەموو خەڵک وەک هاووڵاتی پێکەوەن بێ جیاوازی و جیاکاری لە ڕەگەز و بیروباوەڕدا".

**شەشەم/ دەوڵەتی مەدەنی:**

پێناسەو شرۆڤەی زۆری بۆ کراوە، بەڵام لە کورتترین پێناسەدا هاتووە: (دەوڵەتی مەدەنی ئەو دەوڵەتەیە چاودێری هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا دەکات و دەیپارێزێت بەبێ گوێدانە جۆری ئینتیمای نەتەوەیی، ئاینیی و فیکرییان). هەریەکە لە د.یوسف قەرزاوی و غازی ئەلتوبە دەڵێن: (دەوڵەتی مەدەنی پێچەوانەی دەوڵەتی عەسکەری و دیکتاتۆریەت و دەوڵەتی ئاینی کەنیسەیە، بەڵام بە جیاوازییەکی بەرچاو لە دەوڵەتی عەلمانی).

دەوڵەتی مەدەنی: لەسەر بنەمای بەشداربوونێکی ئیجابی لە نێوان ئاین و دەوڵەتدا دادەمەزرێت، بەشێوەیەک کە سستەمی سیاسی شەرعیەت لە دەستورەوە وەردەگرێت و دەستوریش لە کۆدەنگی میللەتەوە.

دەوڵەتی مەدەنی دەوڵەتی یاسا و دامەزراوەیە و لە سایەیدا جیاوازی ئاین ناکرێتە کێشە لە نێوان هاوڵاتیاندا، لە دەستوری هەمیشەیی دەوڵەتی مەدەنیدا لە وڵاتانی ئیسلامیدا کە ئیسلام ئاینی زۆرینەیە ئیسلام دەبێتە ئاینی ڕەسمی دەوڵەت و لەهەمانکاتیشدا ڕێز لە تایبەتمەندێتی ئاینەکانی تر دەگیرێت.

هەروەک جەخت لەسەر ئەوەش دەکرێتەوە کە لە پرۆسەی یاسادانان‌دا پێویستە ڕەچاوی بنەماکانی ئاینی ئیسلام وەک ئاینی زۆرینە بکرێت، بەڵام لە بواری یاسای کەسێتیدا یاسای تایبەت بە خاوەن ئاینەکانی تر ڕێگای پێدەدرێت.

ئەم مۆدێلە لە دەوڵەت لە ڕوانگەی ئیسلامەوە گونجاوە بۆ ئەم سەردەمە بۆ وڵاتانی ئیسلامی و ڕێگاچارەیەکی

مامناوەندیشە لە نێوان دەوڵەتی ئایینی و دەوڵەتی عەلمانیداو، پێویستە ڕەوتە ئیسلامیەکان پشتیوانی لەم مۆدێلە لە دەوڵەت بکەن و دەوڵەتی ئیسلامی هاوچەرخ پێویستە شێوەیەک بێت لە دەوڵەتی مەدەنی.

دەوڵەتی مەدەنی: بریتییە لەو دەوڵەتەی مافی هەموو تاکێک دەپارێزێت بێگوێدانە ئینتیمای سیاسی، ئایینی، مەزهەبی، نەتەوەیی و بیروبۆچوونە جیاوازەکان، هەروەها بە شێوازێکی تریش پێناسە دەکرێت، کە بریتییە لە کۆمەڵێک هاوڵاتی کە لە سنوورێکی جوگرافی دیاریکراودا بژین و هەموو بە یەکسانی ملکەچ بن بۆ یاسا و سیستەمێکی دیاریکراو، هەروەها دەزگایەکی دادوەری باڵادەست هەبێت بەشێوەیەکی یەکسان یاساکان بچەسپێنێت و کار بکات بۆ بەرپاکردنی دادگەری. هەروەها جگە لە پێناسەکەی، دەوڵەتی مەدەنی کۆمەڵێک بنەما لەخۆدەگرێت ئەگەر یەکێک لەو بنەمایانە بوونی نەبوو بە دەوڵەتی مەدەنی ناونابرێت، لەوانە: پێشێلنەکردنی مافی هیچ کەسێک و لە ژێر هیچ پاساوێکدا، دەستاودەستکردنی دەسەڵات، پاوان نەکردنی پلە و پۆستەکان، ڕێزگرتنی مافی مرۆڤ، قۆرخ نەکردنی دەسەڵات لە لایەن گرووپ و بنەماڵە و تاکێکەوە، ڕێزگرتنی ڕاوبۆچوونە جیاوازەکان و بواردان بە دەربڕینی ئازاد، لەگەڵ ئەوەشدا بنەمای سەرەکی ناسینەوەی دەوڵەتی مەدەنی بریتییە لە پێوەری مامەڵەکردنی دەسەڵات لەگەڵ میللەت لەسەر بنەمای هاوڵاتی بوون.

## دەوڵەتی مەدەنی و ڕاو هەڵوێستی زانا و بیرمەندانی ئیسلامی

### پێشەکی و ڕیشەی مێژوویی:

"بیرۆکەی (دەوڵەتی مەدەنی) پاش کۆمەڵێک هەوڵی فیکریی و مەعریفی فەیلەسوفەکانی سەردەمی ڕۆشنگەری دەرکەوت، لە سەردەمی ڕێنیسانسدا کە لە سەدەی چواردەوە دەستپێدەکات و تا سەدەی حەڤدە دەخایەنێت، سەرەتاکانی ئەم قۆناغەش لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستەوە لە ئیتاڵیا دەستپێدەکات و پاشان بە هەموو ئەوروپا بڵاوبوویەوە، ڕیشەی فیکری ئەم چەمکە دەگەڕێتەوە بۆ ئامانجی دروستکردن و هێنانەکایەی دەوڵەتی مۆدێرن، کە لەسەر پرەنسیپ و بنەماکانی یەکسانی و ڕەچاوکردنی مافەکان دابمەزرێت و پشت ببەستێت بە بەها ئەخلاقییەکان لە حوکمڕانی و سەروەریدا، ئەم بیرۆکەیە دواتر ڕەنگ و ڕوخساری خۆی وەرگرت و گەلاڵە بوو، ئەویش پاش ئەوەی دەوڵەمەندکرا بە پشکدارییەکی زۆر لە چەند سەرچاوەی جیاواز لە زانستی کۆمەلایەتیدا.

### چەمکی دەوڵەتی مەدەنی

ئەو دەوڵەتەیە کە تیایدا پۆست و پلەوپایەکانی وڵات بە کەسانی پسپۆڕو تێگەشتوو لە کاروباری سیاسی و ئابووریی و هەموو بوارەکانی دیکەی ژیان دەستپێپردرێت، نەک بە زانایانی ئایینی و پیاوانی ئاینی، خۆ ئەگەر پیاوێکی ئاینی پلەوپایەی پێدرا ئەوە لەبەر پێگە ئاینییەکەی نییە، بەڵکو لەبەر پسپۆری و توانا و لێهاتووییەکەیەتی.

## بنەما و کۆڵەکەکانی دەوڵەتی مەدەنی

د.یوسف قەرزاوی، بەپێی ئەو پێناسەی کە دەیکات بۆ دەوڵەتی مەدەنی، بنەماو پایەکانی دەوڵەتەکە دیاری دەکات و دەڵێت: (دەوڵەتی مەدەنی، واتە دەوڵەتی یاسا، کەواتە نە دەوڵەتی سەرۆک وەزیرانە و نە سەرۆک کۆمار و نە پاشا، بەکورتی سرووشتی دەوڵەتەکە، لە سەر بنەما و ڕێسای جیاکردنەوەی تەواوی هەرسێ دەسەڵاتەکە دادەمەزرێت، ئەو جیاکردنەوەش پێکهێنەری بنەڕەتییە و سرووشتی پەیکەرەکە و ڕۆشنبیری کۆمەڵگەییەکەیەتی).

کەواتە پایە بنچینەییەکانی دەوڵەتی مەدەنی بریتییە لە:

١/ مرۆڤبوونی فەرمانڕەواو، پیرۆز نەبوونی.

٢/ گەل سەرچاوەی دەسەڵاتەکانە.

٣/ ئازادی ڕادەربڕین (شورا یان دیموکراتیەت بە پلەکانیەوە)

٤/ جیاکردنەوە و سەربەخۆیی دەسەڵاتەکان.

٥/ نوێنەرایەتی هەڵبژێردراو بۆ گەل.

٦/ مافی هاوڵاتیبوون.

کۆڕبەندی توێژینەوەی ئیسلامی ئەزهەر لە بەیانێکیدا دووپاتی دەکاتەوە کە: "ئیسلام دەوڵەتی دینی ناناسێت، ئەو قسانەش ڕاست نین کە جێبەجێکردنی ئیسلام واتە ئەبێت دەوڵەت دینی بێت، چونکە ئیسلام تەنها دەوڵەتی مەدەنی دەناسێت".

هەروەها د. عبدالمعطي بيومی کە ئەندامی ئەو کۆڕبەندەیە دەڵێت: (هەرکەسێک بڵێت شەریعەتی ئیسلامی، پێچەوانەیە لەگەڵ دەوڵەتی مەدەنی، ئەو کەسە دەرکی بەوە نەکردووە کە دەوڵەتی

ئیسلامی خودی خۆی دەوڵەتی مەدەنییە و فیقهی ئیسلامیش لە زۆرێک لە بڕیار و ئەحکامەکانیدا فیقهێکی دانراوە وەک ئیجتیهاد و تێگەیشتنی مرۆڤ، چونکە فیقهیش وەک یاسا بە پێی حاڵەتە جیاوازەکان گۆڕانی بەسەردا دێت).

لە شیکارێکی بابەتیانەدا و وەک کۆکردنەوەی هەموو ڕاو سەرنج و بیرو بۆچوونەکان لە فیکری سیاسی ئیسلامیدا د.صبری محمد خلیل (مامۆستای فەلسەفەی بەها ئیسلامییەکان لە زانکۆی خەرتوم) بابەتێکی کورت و چڕوپڕی نووسیوە لەژێر ناونیشانی (الدولة الدينية في الفكر السياسي الاسلامي) تیایدا دەڵێت: "مەبەست و واتاکانی دەستەواژەی دەوڵەتی مەدەنی: ئەم دەستەواژەیە مەبەست و واتای فرەیی و چەند ڕەهەندی هەیە، وەک هەموو دەستەواژەکانی دیکە، کە یەکەمیان مەبەست و واتای (گشتی – هاوبەشە) بەم واتایە هەموو مەزهەبە سیاسییەکان هاودەنگ و کۆکن لەسەر یەک مانا و مەبەستی چەمکی دەوڵەتی مەدەنی، ئەویش بریتییە لەوەی کە ئەو دەوڵەتەیە کە دەسەڵاتی سیاسی دەگێڕێتەوە بۆ گەل و بەوپێیە دەسەڵات دەبێتە بریکار و نوێنەری گەل، گەلیش مافی دامەزراندن و چاودێری و لەکارلابردنی هەیە، ئەمەش پێچەوانەی دەوڵەتی ئاینی ثیوکراتییە، کە تاک یان دەستەیەک تاکڕەوانە و بە بێ پرس و ڕای گەل دەیبەن بەڕێوە و حوکمڕانی دەکەن.

کەواتە بە گوێرەی ئەم پێشەکییەی د.صبری هەموو ڕێبازە سیاسییەکان هاودەنگن لەسەرئەوەی کە لە دەوڵەتی مەدەنیدا

گەل سەرچاوەی دەسەڵاتەکانە و ئاڵوگۆڕی دەسەڵات مەدەنیانەیە و بە پێی هەڵوێست و بڕیاری گەلە، ئەمەیان تێگەیشتنی هاوبەشە و میکانیزمەکانی دەسەڵات ڕێکدەخات.

## پوختەی هەڵوێستی زانایان

بۆچوونی زانایان و ڕێکخراوە جیاوازەکان بەرامبەر بەم چەمکە لە سێ هەڵوێستدا کۆدەبێتەوە:

یەکەمیان: ڕەتکردنەوەی ڕەها.

دوەمیان: وەرگرتن و دانپیانانی ڕەها.

سێیەمیان: هەڵوێستی ڕەخنەیی.

ـ ڕەتکردنەوەی ڕەها: ئەوانەی بڕوایان بە ڕەتکردنەوەی ڕەهای دەوڵەتی مەدەنی هەیە، بە هەموو واتا و مەبەست و (دلالات)ەکانەوە ڕەتیدەکەنەوە، چونکە بە بڕوای ئەوان هەمووی پێچەوانەی ئیسلامە.

ـ وەرگرتن و دانپێدانانی ڕەها: ئەوانەن کە باوەڕی تەواویان بە هەموو واتا و مەبەست و نیشانە (دلالات)ی چەمکی دەوڵەتی مەدەنی هەیە.

ـ هەڵوێستی ڕەخنەیی: هەڵوێستێکە لە نێوان هەردوو هەڵوێستی ڕەهای ڕەتکردنەوە و وەرگرتن دا، ئەم هەڵوێستە هەرسێ مانا بەخشینەکە (دلالات) چەمکی دەوڵەتی مەدەنی لەیەک جیادەکەنەوە، (دلالەی گشتی) (دلالەی منفرد) (دلالەی تایبەت)، واتە مانا و مەبەستی گشتی و جیاکردنەوەی گۆشەنیگا و تایبەت بە هەر واقیعێک.

د.صبری دەڵێت: ئیسلام پێچەوانە نییە لەگەڵ مانا و مەبەستی گشتی چەمکەکەدا، کە بەرجەستە دەبێت لەوەی دەسەڵات و

فەرمانڕەوا نوێنەر و بریکاری گەلین و، گەل مافی دامەزراندن و لادان و لێپێچینەوە و لابردنیانی هەبێت...

لێرەدا د.صبری ئاماژە بە قسەیەکی ئیمامی قازی باقلانی دەکات دەربارەی بەیعەت، کە دوای ئەوەی بەڕێکاری شورا و ئەهلی حەلل و عەقد، ئیمام یان سەرۆکی دەوڵەت دادەنرێت، ئیتر هەر ئەوانن بە نوێنەراتی گەل لێپرسینەوە و چاودێری دەکەن و دەتوانن لە پۆستەکەی لایدەن. قازی باقلانی دەڵێت: (ئیمام بۆ ئەوە دادەنرێت کە حوکمەکان و حەددەکان و کاروبارێک کە پێغەمبەر (ﷺ) لەسەری ڕۆشتووە جێ بەجێ و پیادەی بکات، ئەوانەش ئوممەت یان نوێنەرانی لێی ئاگادارن دەزانن چین، ئیمامیش لە هەموو کاروبارەکانی وەکیل و بریکاری خەڵکە و دەتوانن لە پۆستەکەی لایبەرن و بیگۆڕن بە کەسێکی تر، هەرکات کارێکی ئەنجامدا کە گۆڕینی پێویست بکات).

د.صبری لە کۆتایی بابەتەکەدا، ئاماژە بە چارەسەری ئیسلامی دەکات، لە بەرانبەر پرۆژەی ثیوکراتی و عەلمانی و دەڵێت: چارەسەری ئیسلامی و تێگەیشتنی فیکری سیاسی ئیسلامی لە ڕێسایەکدا کۆدەبێتەوە کە بریتییە لە: (دینیة التشريع ومدنية السلطة)، ئەمەش بۆ چارەسەری گرفتی پەیوەندییە لە نێوان ئاین و دەوڵەتدا و بەپێی ئەو ڕێسایە، پەیوەندی نێوان ئاین و دەسەڵات دەبێتە (پەیوەندی وابەستەیی – علاقة ارتباط) نەک پەیوەندی تێکەڵکردن، وەک لە مەزهەبی ثیوکراتی دا هەیە، هەروەها دەبێتە (پەیوەندی جیاکاریی/ علاقة تميز) نەک پەیوەندی جیاکردنەوە و دوورخستنەوە، وەک لە عەلمانیەتدا هەیە)).

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ بکەین لە جیاوازی نێوان مەزهەبی ئیسلامی و مەزهەبی لیبراڵی لە گۆڕاو نەگۆڕەکاندا: زانایانی ئیسلامی و بیرمەندانی کۆن و نوێ کۆکن لەسەر دەستەواژە نەگۆڕەکان، بەڵام بەتەواوی کۆک نین لەسەر نەگۆڕەکان.

بەتەواوی چەندن، ئەوەی کە جێگای مشتومڕ نییە، دەوڵەت و دەسەڵاتی ئیسلامی با مەدەنی تەواویش بێت هەرگیز نایگەیەنێتە بێ سنوورییەکانی لیبڕالیزم، چونکە لە حکومەت و دەسەڵاتی مەدەنی ئیسلامیدا ڕێگا نادرێت حیزب و ڕێکخراو دروست بکرێت بۆ بانگەشەی بتپەرستی یان ئیلحاد، ڕێگاش نادرێت بۆ بانگەشەی حەڵاڵکردنی سوو ڕیبا، هەروەها ڕێگا نادرێت ڕێکخراو دروست بکرێت بۆ هاوسەرگیری هاوڕەگەزی، ئەم جۆرە بابەتانە یان لە نەگۆڕی بیروباوڕن یان لە نەگۆڕی مامەڵە و بازاڕن یان لە نەگۆڕی ئەخلاق و ڕەوشتن، بەڵام بە ژمارەی بابەتیش زۆرنین.

## لە فکری سیاسی ئیسلامدا، دەوڵەتی مەدەنی بۆ چییە؟

زانایان و بیرمەندانی فکری سیاسی ئیسلامی دەوڵەتی مەدەنیان بۆ دوو مەبەست و ستراتیژ دەوێت و پێیان باشە و هەوڵی بۆ دەدەن، ئەوانیش:

یەکەم/ لە ژینگەی دەوڵەتی مەدەنیدا کەشوهەوای ئازادی ڕادەربڕین دەڕەخسێ و، دوور لە بیری توندڕەوی و تیرۆر دەتوانرێت ئیسلام وەک خۆی بگەیەنرێت بە خەڵک ئەم یەکەمەیان مافی گشتی خەڵکە بەسەر نوخبەی موسڵمانەکانەوە و مانەوەی موسڵمانەکانە لە بازنەی (خەیریەت)دا، وەک دەفەرموێت: ((کنتم خیر أمة أخرجت للناس ، تأمرون بالمعرف و تنهون عن المنکر))، ((أدع الی سبیل ربک باحکمة و الموعظة الحسنة))، ((بلغوا عني ولو آیة)).

دووەم/ ئامانجی دووەم، دەوڵەتی مەدەنی باشترین ژینگە و میکانیزم و چوارچێوەیە بۆ بەرجەستەکردنی پرینسیپەکانی حوکمی ئیسلامی ڕەشید، لە زەمینەی دەوڵەتی مەدەنیدا پرۆژەی حوکمێکی ئیسلامی ڕەشید گەڵاڵە دەبێت و بەتەواوی ڕەنگ دەگرێت، چونکە دەوڵەتی مەدەنی و بەها و پایەکانی لە تەک بەها و پایە و پرینسیپەکانی حوکمی ئیسلامی ڕەشیدا یەکدەگرنەوە.

هەر لە ڕوانگەی فکری سیاسی ئیسلامیەوە و وەک پرۆژەیەک بۆ سەردەم و نەخشە ڕێگایەک بۆ مامەڵەکردنێکی گونجاو و واقیعیانە لەگەڵ هەلومەرج و بارودۆخی هەرێمی و نێودەوڵەتی و سستمی نوێی جیهانی و گونجان لەگەڵ دەوڵەتی مۆدێرن، د.اسماعیل الشطي بیرمەندی گەورەی کوێتی لە بەشێک لە کتێبەکەیدا (الاسلامیون وحکم الدولة الحدیثة) پرۆژەیەک بۆ ئەمرۆ

دەخاتە ڕوو، کە پوختەکەی بریتییە لە سێ خاڵی سەرەکی و دەڵێت: ئەوەی ئێستا ئیسلام پێویستیی پێیەتی سێ شتە:

١- ئابوورییەکی بەهێز، کە بتوانێت پێداویستییە سەرەکیەکانی ژیانی ڕۆژانە دابین بکات لە وڵاتێکی هاوچەرخ و خاوەن خزمەتگوزاری تەواو.

٢- حوکمێکی دانا (الحکم الرشید)، کە تەنیا مەبەستی دابینکردنی دادپەروەری بێت لە نێوان هاوڵاتیاندا و ڕێکخەری پەیوەندیەکانی نێوان سستمی خوێندن و پرۆژەکانی گەشەپێدان بێت بە شێوەیەکی دروست و وڵات بە پێوەرەکانی ئەستۆپاکی و شەفافیەت و کەمکردنەوەی گەندەڵی بەڕێوەبەرێت.

٣- دیموکراسیەتێک ئازادییە گشتییەکان بپارێزێت و ئاسایش بۆ مرۆڤ دابینبکات و زەمانەتی هەڵبژاردنێکی پاک و بێگەرد بکات و باوەڕی بە ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات هەبێت.

وەک زانا و بیرمەندێکی مسوڵمان و شارەزا و نوسەر لە فیکری سیاسی ئیسلامیدا، ڕاشید ئەلغەنوشی دەستپێشخەرییەکی جوان و زانستیانە و پڕ جورئەتی کردو کتێبی (الحريات العامة في الدولة الأسلامية)ی لە ساڵی ١٩٩٣ دا گەیاندە چاپ و بڵاویکردەوە و بوو بە یەکێک لە شاکارە هەرە گەورە و بە نرخەکان لە پاشخانی فیکری سیاسی ئیسلامی و دەرگایەکی گەورەی گفتوگۆی فیکری و مەعریفی لەگەڵ ڕۆژئاوادا کردەوە، ئەو باس و بابەتە چەقبەستوانەش کە دەیان ساڵ بوو کەس نەیدەوێرا باسی بکات و خۆی لێبدات لەو کتێبەدا زۆر بە ڕوونی و بێ توێکڵ باسی کردون.

غەنوشی لە پاشکۆی ژمارە (٤)ی چواری کتێبەکەیدا، پوختەی پرینسیپەکانی حوکمی دانا (الحكم الرشيد)ی نوسەری گەورە (زيد الوزير) کە لە کتێبی ((تصحيح المسار) نوسیویێتی، هێناویەتی و دەڵێت:

حوکمی ئیسلامی ڕەشید لە حەوت پرینسیپ پێکدێت، ئەم حەوت پرینسیپە لێرە بڵاودەکەینەوە، وەک بەیەک گەشتنێکی هەموو ئەوانەی تینوی حوکمێکی ئیسلامی داناو ڕەشیدن ئەم حەوت پرینسیپ و مەشخەڵەش ئەمانەن:

یەکەم/ گەل سەرچاوەی دەسەڵاتەکانە، بە دەسەڵاتی یاسادانانیشەوە لە شتێکدا نەبێت کە دەقێکی (محكم) هەبێت لە قورئان یان سوننەت یان ئیجماع.

دووەم/ جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، تاوەکو هەندێکیان باڵ نەکێشێت بەسەر هەندێکیاندا.

سێیەم: سەرۆکی دەوڵەت ڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە لە هەڵبژاردنێکی ئازاددا هەڵدەبژێردرێت و ماوەی فەرمانڕەواییەکەی دیاریدەکرێت، بۆئەوەی کەس تا مردن بە سەرۆک و فەرمانڕەوا نەمێنێتەوە.

چوارەم/ ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی بەشێکی گرنگ و زیندووە لە ژیانی پەرلەمانی سیاسی.

پێنجەم/ فرەلایەنی حیزبی پێویستییەکی حاشا هەڵنەگرە، چونکە ((ما لا يتم الواجب الا به فهو واجب))، ڕوون و ئاشکرایە کە دادپەروەری و ئازادی لە سایەی سستمی یەک حیزبیدا بەدەست نایەت و جێگیر نابێت.

شەشەم/ هەڵبژاردنی نوێنەرانی گەل لە پەرلەمانێکی ئازاد و ئازادا.

حەوتەم/ ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی ڕادەربڕین و فیکر و بیروباوەڕ.

هەرکات هەر هێزێکی ئیسلامی باوەڕی بەم حەوت پرینسیپە هەبوو، ئەوکاتە دەبێتە یەکەمەکانی ئەوانەی ناویان تۆمار دەکەن لە لیستی ئەوانەی نمونەیەکی کرداری دەبن بۆ حوکمێکی ئیسلامی کە ئاواتمانە.

## دەوڵەتی مەدەنی و پرسی جێبەجێکردنی شەریعەت

مەسەلەیەکی گرنگ هەیە لەم بوارەدا، بووەتە (تحدی)یەک لە بەردەم داننانی تەواو بە پێویستی و ئاسایی بوونی دەوڵەتی مەدەنی لە ڕوانگەی ئیسلامەوە، ئەویش ئەوەیە هەرکاتێک باس لە مەرجەعیەتی ئیسلام و هاتنە سەر دەسەڵاتی ڕەوتە ئیسلامیەکان دەکرێت، ڕاستەوخۆ مەسەلەی حوکمکردن بە شەریعەت و جێبەجێکردنی شەریعەت، دەبێتە جێگای مشتومڕو تێڕوانینی دژبەیەک لە نێوان پێکهاتە فیکریی و ڕۆشنبیرییەکانی کۆمەڵگە موسڵمانەکاندا بەگشتی و لەلای نوخبە عەلمانیەکان بەتایبەتی.

ڕاستە لە ڕووی تیۆرییەوە کۆڵەکەی یەکەمی دەوڵەت لە ڕوانگەی ئیسلامەوە بریتییە لە داننان بە مەرجەعیەتی ئیسلام و شەریعەتەکەی لە بواری یاسادانانداو وەک بنەمایەکی دەستووری، بەڵام لە ڕووی پراکتیکیەوە تێگەیشتن و بۆچوونی نادروست هەیە، تەنانەت لای زۆرێک لە ئاڕاستەکانی ڕەوتی ئیسلامی خۆیشیان، هەرئەوەشە بووەتە هۆی دروستبوونی کێشەی فیکری دژ بەیەک لە نێوان ڕەوتە ئیسلامی و عەلمانیەکاندا.

هۆکاری ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ تێکەڵکردنێکی نادروست لە نێوان هەردوو چەمکی (شەریعەت) و چەمکی (جێبەجێکردنی شەریعەت)دا.

لە ڕوانگەی ئەو تێگەیشتنە نادروستەوە بەداخەوە چەمکی (جێبەجێکردنی شەریعەت) کورتکراوەتەوە لە جێبەجێکردنی یاسای سزاکان و پۆشاکی ئافرەت و هەندێ دیاردەی تری

ڕواڵەتی لەسەر ئاستی تاک و کۆمەڵگە، لەسەر حسابی ئامانجە گەورەکانی تری شەریعەتی ئیسلام کە پەیوەستن بە پاراستنی ماف و کەرامەتی مرۆڤ و دەستەبەرکردنی یەکسانی و دادپەروەری و بەگژاچوونەوەی ستەم و گەندەڵی و ئاوەدانکردنەوەی وڵات و دابینکردنی خۆشگوزەرانی بۆ هاوڵاتیان و پێشکەشکردنی نمونەی شارستانیانەو پێشکەوتوو لە هەموو ڕوویەکی ژیانەوە بەتایبەتی لە بواری حوکمڕانی کردن و بەدیهێنانی دادپەروەریدا.

لەم دیدگا بەرتەسکەوە، ئەگەر لە وڵاتێکی موسڵماندا دەسەڵاتی سیاسی هەندێ لە سزا شەرعیەکانی جێبەجێکرد، یان بەلایەنی کەمەوە بەشێک لە یاساکانی وڵات بەسەر کەسانێکی کەم دەسەڵات و بێچارەدا جێ بەجێی کردن، یان ئافرەتانی ناچارکرد بە پۆشینی جۆرێکی دیاریکراو لە پۆشاک، یان فشار و ڕێگری کرد لە هەندێ هەڵسوکەوت و دیاردە لەسەر ئاستی تاکەکانی کۆمەڵگە، ئیتر ئەو دەوڵەتە یان ئەو دەسەڵاتە سیاسییە ئیسلامییە و جێبەجێکاری شەریعەتە.

بەڵام هەر لەو دەوڵەتەدا -بەداخەوە- ڕەنگە زۆرجار دەسەڵاتێکی ستەمکار و گەندەڵ و نادادپەروەر لەسەر حوکم بێت، بنەماڵەی حوکمڕان و دەستەو دائیرەکەی لەسەرو یاساوە بن و لە لوتکەی گەندەڵیدابن، لە سایەی ئەو سستەمە بەناو جێبەجێکاری شەریعەتدا حسابێکی ئەوتۆ نەکرێت بۆ دابینکردنی ماف و ئازادییەکان و پاراستنی سەروماڵ و کەرامەتی هاوڵاتیان، ڕەنگە لە زۆر بواری ژیاندا دواکەوتووبێت و لەڕیزی

دەوڵەته زۆر گەندەڵ و دواکەوتووەکانی جیهانیشدا تۆمار بکرێت.

لەلایەکی ترەوه ئەگەر له وڵاتێکی تری موسڵماندا دەسەڵاتی سیاسی بتوانێت دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ماف و ئازادییەکان و خۆشگوزەرانی بۆ سەرجەم هاوڵاتیانی دەستەبەربکات، بەبێ هیچ جیاوازییەکی ئایینی و ڕەگەزی یان تائیفی و سیاسی. لەهەمانکاتدا یاسا سەروەر بێت و له سەروو هەموانەوه بێت، تایبەتمەندییەکانی ئەندامانی کۆمەڵگه پارێزراو و ڕێزلێگیراو بێت، دەسەڵاته سیاسییەکه لەلایەن میللەتەوه هەڵبژێردرابێت، له سایەی ئەو دەوڵەتەدا هەموو بەرپرس و کاربەدەستێک مل کەچ بێت بۆ لێپرسینەوه و یاسا، وڵات ئاوەدان و پێشکەوتوو بێت، ئاین و ئایینداری ئازاد و ڕێزلێگیراوبێت بۆ هەمووان، ئاستێکی باش له ماف و کەرامەت و خۆشگوزەرانی بۆ تێکڕای هاوڵاتیان دەستەبەر کرابێت.

بەڵام له سایەی ئەو دەوڵەتەدا یاسای سزاکانی ئیسلامی جێ بەجێ نەکرێت، ئافرەت ناچار نەکرێت به پۆشینی شیوازێکی دیاریکراو له پۆشاک، دەوڵەت و دەزگاکانی حکومەت دەستوەردانی نەبێت له هەڵسوکەوت و کاروباری تایبەت و ڕۆژانەی هاوڵاتیاندا، ئەو دەوڵەته یان ئەو سستەمه سیاسییە- بەداخەوه-له دیدی زۆرێک له ڕەوته ئیسلامیەکانەوه، به دەوڵەتی ئیسلامی و جێبەجێکاری شەریعەت له قەڵەم نادرێت، بەڵکو زۆر وادەبێت که به دەوڵەتێکی عەلمانی و دوور له ئاین لەقەڵەم دەدرێت.

## چەمکی شەریعەت و چەمکی جێبەجێکردنی شەریعەت

هۆکاری سەرەکی ئەم دیدە نادروست و تێگەیشتنە ناڕاستەی سەرەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تێکەڵکردنە نادروستەی نێوان چەمکی (شەریعەت) و چەمکی (جێبەجێکردنی شەریعەت). چەمکی شەریعەت لەڕاستیدا بە تەنها ئەحکامە شەرعیەکان و تەکالیفە عەمەلیەکان ناگرێتەوە، بەڵکو هەموو ئیسلام دەگرێتەوە بە (عەقائید و عیبادەت و موعامەلات) و تێکڕای ڕینماییە شەرعی و ئاینیەکانەوە.

لەڕاستیدا چەمکی شەریعەت مەودایەکی زۆر فراوانی هەیە بە ئەندازەی هەموو ئیسلام بە قورئان و سوننەت و دروشمە ئاینیەکانەوە، پێویستە لەسەر موسڵمانان ئیمان و بڕوای تەواویان بە هەمووی هەبێ و هەوڵ بدەن لە ژیانی تاک و کۆدا بەپێی توانا جێبەجێیان بکەن. چونکە چەمکی شەریعەت زۆر لەوە فراوانتر و گشتگیر ترە تا کارپێکردن و کارپێنەکردنی پەیوەست بکرێت بە دەزگاکانی دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسییەوە.

• ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە سەرنج بدەین، جیاوازییەکی ئاشکرا دەبینین لە نێوان چەمکی (شەریعەت) و چەمکی (جێبەجێکردنی شەریعەت)دا، چونکە شەریعەت بریتییە لە خودی ئاین و لەلایەن خوداوە هاتووە بۆ پێغەمبەر و (معصوم و مقدس)ە و ملکەچ نابێت بۆ کۆت و پێوەندەکانی کات و شوێن، بەڵام چەمکی (جێبەجێکردنی شەریعەت) ئیجتیهاد و کرداری مرۆڤەکانە و لەژێر کاریگەری هەلومەرجی کات و شوێندایە و بە هیچ شێوەیەک (معصوم و مقدس) نیە و هاوتا نیە بە خودی شەریعەت کە ئایینی خودایە. بۆیە جێبەجێکردنی شەریعەت یەکسان نیە بە شەریعەت، قبوڵکردن یان ڕەتکردنەوەی جێبەجێکردنی شەریعەت یەکسان نیە بە قبوڵ کردن یان ڕەتکردنەوەی خودی شەریعەت.

لێرەدا گرنگە ئەو ڕاستیەش لەبەرچاو بگرین کە خواستی کۆمەڵگە موسڵمانەکان و داواکارییان بۆ جێبەجێکردنی شەریعەت، بریتی نیە لە سەپاندنی هەندێ کۆت و پێوەندی فیقهی و مێژوویی بەسەر کۆمەڵگەدا، بەڵکو موسڵمانان بەشێوەیەکی گشتی لە کۆن و نوێدا کاتێک باس لە جێبەجێکردنی شەریعەت دەکەن، مەبەستیان دادپەروەری و یەکسانی و ڕێزگرتنی تەواوە لە سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگە و خاکی بوونی دەسەڵاتداران و کەمکردنەوەی جیاوازییە ڕەهاکانە لە نێوان نوخبەی دەسەڵات و تێکڕای هاوڵاتیاندا، چونکە لە هەست و نەستی کۆمەڵگە موسڵمانەکاندا ئەو وێنا جوانە لەبارەی ژیانی  پێغەمبەر و هاوەڵەکانی و خەلیفەکانی ڕاشدینەوە چەسپیوە.

لەڕاستیدا ئەمە مەسەلەیەکی ئاڵۆزە و (تحدیە)یەکی گەورەشە لە بەردەم ڕەوتی ئیسلامیدا و یەکێکە لە گرێکوێرەکانی نێوان عەلمانیەکان و ڕەوتە ئیسلامیەکان بەشێوەیەکی گشتی، چونکە هەردوولا دوو تێروانینی زۆر ناکۆک و دژ بەیەکیان هەیە:

عەلمانیەکان پێیانوایە شەریعەت ناگونجێ لەگەڵ کۆمەڵگەی هاوچەرخ و ئازاددا، لەولاشەوە ڕەوتە ئیسلامیەکان بەتایبەتی سەلەفیەکان تێڕوانینیان وایە  کۆمەڵگەی ئازاد  ناگونجێ لەگەڵ ڕێنماییەکانی شەریعەتدا. عەلمانیەکان ئیسلام وەک دیاردەیەکی مێژوویی دادەنێن کە لە ڕوانگەی ئیسلامەوە بە هیچ شێوەیەک جێگای قبوڵ نیە، هەروەک سەلەفیەکان مێژووی سیاسی و فیقهی ئیسلام وەک بەشێک لەئیسلام دادەنێن و داوای دووبارەکردنەوەو جێبەجێکردنی دەکەن  کە بە هیچ شێوەیەک مومکین نیە.

## پێگەی ئاین و دامەزراوە ئاینیەکان لە دەوڵەتی مەدەنیدا

لێرەدا مەسەلەی دامەزراوە ئاینییەکان و پێگە و ئەرک و وەزیفەیان دێتە ئاراوە، کە ئایا لە دەوڵەتی ئیسلامی هاوچەرخدا چۆن مومارەسەی وەزیفەی خۆیان دەکەن و بە چ شێوازێک پەیوەندییان لەگەڵ دەسەڵات و دامەزراوەی دەوڵەتدا ڕێکدەخەن.

لە دەوڵەتی مەدەنیدا پێگەی سروشتی و شیاوی ئاین و دامەزراوە ئاینییەکان ئەوەیە کە بەشێکی زیندووبێت لە حەرەکەتی کۆمەڵگەی ئەهلی و دامەزراوەکانی، نەک بەشێک بێت لە بیرۆکراتیەتی دەوڵەت، بەوشێوەی کە لە زۆربەی وڵاتانی ئیسلامیدا وەزارەتێک تەرخانکراوە بۆ ئەو بوارە بەناوی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینییەوە، چونکە دەوڵەت بە سروشتی خۆی بەتایبەتی دەوڵەتی هاوچەرخ کۆنترۆڵی هەموو شتێک دەکات لەپێناو مانەوەو بەهێزکردنی پێگەی خۆیداو توانای ئەوەی هەیە دەست وەربدات لە هەموو ورد و درشتێکی ژیانی تاک و کۆمەڵگە.

بۆیە دەسەڵات ناتوانێت پاسەوانێکی ئەمینی ئاین بێت و ناڕەوایە ئەو ئەرک و بەرپرسیارێتییەی پێ بسپێردرێت. نمونەی خەلیفەکانی ڕاشدین نمونەیەکی زۆر ناوازە و دەگمەنە، دەکرێ وەک نمونەیەکی باڵا سەیر بکرێت، بەڵام مەرج نیە دووبارە ببێتەوە.

لە مێژووی دەوڵەتی ئیسلامیدا و لە سەردەمی ئەمەوییەکان بەدواوە وردەوردە لێک دوورکەوتنەوە لە نێوان نوخبەی دەسەڵات و زانایاندا دەستیپێکرد، نەک بە ئاڕاستەیەکی عەلمانی، بەڵکو لێک جیاکردنەوەی ئەرک و وەزیفەو پسپۆڕێتی. ئەوەبوو لە مێژووی ئیسلامدا دوو توێژی سەرەکی هەبوون کە خاوەنی پێگەو

دەسەلات بوون لەسەر تێکڕای ئوممەت و کۆمەڵگەی ئیسلامی، یەکەمیان، کاربەدەستانی دەوڵەت (الامراء)، کە بریتی بوون لە خەلیفە و وەزیرەکان و والیەکان و فەرماندەکانی سوپا و کەسە نزیکەکانی بنەماڵەی خەلیفە، دووەمیان، زانایان (العلماء)، کە بریتی بوون لە فەقیهەکان و قازییەکان و ڕێبەرانی مەزاهیبی فیقهی و فیکری و تەریقەت.

• هەر زوو زانایان و پێشەوایانی ئاینی دەرکیان بەو ڕاستییە کرد کە گۆڕانکاری ڕیشەیی بەسەر ژیانی موسڵمانان و سستەمی حوکمڕانیدا هاتووە و پیاوانی دەوڵەت جگەلە ئەرکی دەوڵەتداری و سیاسەت زیاتریان پێناکرێت، بۆیە کاریان بەو ئاراستەیە کرد کە مافی ڕێبەرایەتیکردنی ئوممەت و ڕاڤەکردنی قورئان و سوننەت و ئیجتیهاد و فتوا، ئەرک و وەزیفەی زانایان و پێشەوایانی ئاینییە و پیاوانی دەسەلات پێویستە خۆیان لەو بوارە بە دوور بگرن. ئەگەرچی دەسەلاتی سیاسی و فەرمانڕەوایان بەشێوازی جیاجیا هەمیشە هەوڵیانداوە پشتیوانی و لایەنگیری بۆ هەڵسوکەوت و سیاسەتەکانی خۆیان دەستەبەر بکەن لەژێر چەتری سیاسەتی شەرعیدا.

• بەڵام ئاڕاستەی سەرەکی پێشەوایانی گەورەی ئیسلام لە بەرامبەر خەلیفەکان و دەزگای حوکمڕانیدا دوای ململانێ و قوربانیدانێکی زۆر، هاتەسەر ئەوەی کە هاوکێشەی نێوان ئەو دووبەرەیە لەسەر ئەو حاڵەتە سەقامگیر ببێت کە ئیسلام مەرجەعیەتی باڵای دەوڵەت و ئوممەت بێت، بەبێ ئەوەی دەوڵەت شێواز و ڕیبازێکی عەقائیدی یان فیقهی دیاریکراو بەسەر ئوممەتدا بسەپێنێت.

# دەوڵەتی ئیسلامی هاوچەرخ

لە وڵاتە ئیسلامیەکاندا پێویستە دەوڵەت بەپێی دەستور پابەندبێت بە بەرگریکردن لە مەرجەعیەتی ئیسلامی و پاراستنی کولتوور و دابونەریتی گشتی کۆمەڵگە، بەڵام بەناوی عەلمانیەتەوە بێت یان بەناوی ئیسلامیەتەوە، نابێ ڕێگا بە دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسی بدرێت دەستوەربداتە کاروبارو هەڵسوکەوت و شێوازی ژیانی هاوڵاتیان، بەتایبەتی لەم سەردەمەدا کە دەوڵەت هەموو ئامرازێکی لەبەردەستە بۆ کۆنترۆڵکردن و سەرکوتکردن بەشێوەیەکی زۆر ترسناک..

یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی ئیسلام ئەوەیە ناو و شێوازێکی دیاریکراوی دانەناوە بۆ سیستەمی حوکمڕانی، بەڵکو تەنها کۆمەڵێک بنەمای دیاریکردووە بۆ سیستەمی دەسەڵات و بواری هێشتووەتەوە بۆ مرۆڤەکان بە ویست و ئیرادەی خۆیان و بە سوودبینین لە عەقڵ و ئەزمونی خۆیان و دەوروبەر و چۆنێتی بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانیان دەتوانن لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر سیستەم و شێوازی نوێ دابهێنن و گۆڕانکاری تێدا بکەن و مەرج نییە بە ناو و شێوازێکەوە پابەند بن، گرنگ ئەوەیە بنەماکانی تێدا بێتەدی، لە گرنگترین بنەماکانی سیستەمی دەسەڵات لە ئیسلامدا: دادپەروەری، هەڵبژاردنی سەرۆک، پاش هەڵبژاردنی دەبێت سەرۆک پابەند بێت بە پرس و ڕاو ڕاپرسی، پاراستنی ئازادی، پاراستنی مافەکانی تاک و کۆمەڵگا، دەستاودەستکردنی دەسەڵات، جیاکردنەوەی تایبەتمەندییەکان.... هتد.

• ئەڵبەت ئەوەی پەیوەستە بە دەزگا و دامەزراوە ئاینیەکانەوە لە وڵاتانی ئیسلامیدا لە ڕابردوو و ئێستاشدا، هەرگیز کێشەکە لەوەدا نەبووە کە دەزگای ئایینی کۆنترۆڵی دەوڵەت بکات، بەوشێوەیەی کە لە ئەوروپای ڕۆژئاوا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا کڵێسا و پاپا بەتەواوی کۆنترۆڵی دەوڵەت و کۆمەڵگەیان کردبوو، تا بە ناچاری گەلانی ئەو وڵاتانە ڕاپەڕین و کۆمەڵگە و ژیانی فیکریی و ڕۆشنبیریی و زانستیی و سیاسیان لەچنگی کڵێسا و پیاوانی کڵێسا دەرباز کرد. بەپێچەوانەوە لە وڵاتانی ئیسلامیدا کێشەکە لەوەدایە کە دەوڵەت ئیسلامی بێت یان عەلمانی، بەتەواوی کۆنترۆڵی هەموو شتێکی کردووە بە دەزگا ئاینیەکانیشەوە و لە خزمەت خۆیدا بەکاریان دەهێنێت.

لە کۆمەڵگەی ئیسلامی ڕاستەقینەدا موسڵمانان بەشێوەیەکی گشتی هوشیارانە و شارستانیانە بە خواست و ئارەزووی خۆیان پابەند دەبن بە ڕەوشت و ڕێنماییەکانی ئیسلامەوە و دروشمەکانی جێ بەجێ دەکەن لە ڕێگای پرۆسەی ئامۆژگاریکردن و ڕێنماییکردن لەلایەن زانایان و بانگخوازانەوە، بەبێ هیچ جۆرە فشار و سەپاندنێک لەلایەن دەوڵەت و دەزگاکانی حکومەتەوە، چونکە هەرکاتێک دەوڵەت پابەندکردنی بە ڕینماییە ئاینیەکانەوە گرتەدەست و کردی بە وەزیفەی خۆی، ئەوکاتە ئاین دەگۆڕێت بۆ ئایدۆلۆژیایەکی بێزراو، دیاردەی دووڕوویی ئاینی و دوڕوویی لە هەڵسوکەوت و چۆنێتی پابەندبوون بە ڕێنماییە ئاینیەکانەوە، دەبێتە پیشەی بەشێکی زۆر لە هاوڵاتیان.

لە سایەی دەوڵەتی مەدەنیدا یان دەوڵەتی ئیسلامی هاوچەرخدا پێویستە ئەو بابەتانە چارەسەر بکرێن، واتە پێویستە ئەرک و وەزیفەی دەوڵەت و چۆنێتی حوکمڕانیکردن لە ئەرک و وەزیفەی کۆمەڵگەو دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ئەهلی جیابکرێتەوە.

- ڕەوتە ئیسلامیەکانیش پێویستە لەو بوارەدا ڕۆڵی کاریگەریان هەبێ و گۆڕانکاری لە فیکرو بیروبۆچونیان لەم بوارەدا ئەنجام بدەن و بەشێوەیەکی پراکتیکی و دامەزراوەیی لایەنی بانگەوازو ئەمر بەچاکە و نەهی لە خراپە و بانگەشەکردن بۆ پابەندبوون بە دروشم و ڕێنماییە ئیسلامیەکانەوە نەکەنە بەشێک لە بەرنامەی کاری حیزبی و ململانێی سیاسی، بەڵکو کاری دروست ئەوەیە کە لە ڕێگای دەزگاکانی ڕاگەیاندن و دامەزراوەی تایبەت و سەربەخۆوە کاروچالاکی بانگەوازو پەروەردە ئەنجام بدەن.

مەسەلەی چاکسازی سیاسی ڕاستەقینە لە وڵاتانی ئیسلامیدا ئەوە دەخوازێت کە مەسەلەی ئاین و بانگەشەکردن بۆ ئاین پارێزراوبێت لە کێشەو ململانێی نێوان ڕەوتە ئیسلامی و عەلمانیەکان لەسەر دەسەڵات، پێویستە هەردوولا خۆیان یەکلایی بکەنەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەو گرفتە سیاسی و ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکان.

## ئەنجامگیریی

پاش ئەو ناساندنە کورتەی شێوەکانی دەوڵەت و دەوڵەتی مەدەنی و تێڕوانینی ئیسلامی لەسەری، هەروەها ئامانجی شەریعەت لە دامەزراندنی دەوڵەتدا، دەکرێت بڵێین:

* گۆڕانکاریی راستەقینە لەم نیشتیمانەدا دەبێت لە دوو گۆڕانی گرنگەوە دەستپێبکات، یەکەم بنیاتنانەوەی تاک، دووهەم بنیاتنانەوەی دەوڵەت.

* دەوڵەتی مەدنی فرەیی، قۆناغێکی پێویستە بۆ تێپەڕاندنی دەوڵەتی سەپێنراوی سەربازی و ئەمنی بە بڕیاری سیاسی، هەروەها بۆ تێپەڕاندنی قۆرخکردنی دەسەڵاتەکان بە زۆری زۆرداری و توندوتیژی و تێکەڵکردنی ترسناکی دەسەڵاتەکانی جێبەجیکردن و دادوەری و یاسایی و راگەیاندن و کۆمەڵگەی مەدەنی، تەنانەت تێکەڵکردنی هێز و چەکی دەوڵەت و هێزی مافیا.

* مەزنترین گرفتی بەرنامەی ئیسلامیە هاوچەرخەکان خەریکبوونیانە بە بابەتە بەشەکییەکانەوە، کە تایبەتن بە کەسە دیندارە پابەندەکان، دوورکەوتنەوە لە خەریکبوون بە بوعدە مرۆییەکەوە کە کێشە و گرفتە گەورەکانی کۆمەڵگەیە کە لە تەرازووی شەریعەتدا ئەمەیان لەپێشترە.

* مەبەستەکانی شەریعەت کۆمەڵە بەهایەکی ئیسلامیە کە مانای دادگەری و چاکە و حەق و جوانی و ئەخلاق لە خۆیدا کۆدەکاتەوە، ئەخلاق بۆ سیاسەت دەگێڕێتەوە، دەروونی مرۆڤەکان بە پەروەردگاریانەوە دەبەستێتەوە.

* پێویستە هەموو چەمکێکی سیاسی بە قۆناغی شیکاری و لێکدانەوەدا تێپەڕێت تا بەر لە حوکمدان لەسەری وێنا بکرێت، تا بنەڕەتی چەمکەکە و گەشەکردنە مێژووییەکەی و مەودا عەقیدەیی و فەلسەفییەکەی دەربخرێت و بزانرێت کامانەی دژە یان هاوتەریبە لەگەڵ ئیسلامدا.

* هیچ چەمکێکی سیاسی سروشتێکی جێگیری نییە، بەڵکو ئەم چەمکانە تێڕوانین و بۆچوونن مەرج نییە لەسەر ڕێبازە کۆنەکەیان کە پێناسەی ناو و ناوەرۆک و سروشتیان کراوە پێیانەوە پابەند بین.

* جیاوازیی نەکردن لە نێوان فیقهی ئیسلامی و شەریعەتی ئیسلامیدا، زیانی گەورە بە تێگەیشتنمان لە ئایین و تێڕوانینمان بۆ گۆڕانگاری دەدات.

* کەلەپوری زانایان و ڕێچکە ئیسلامیەکان چەندە جێپەنجەی مرۆیی و مێژووییشیان پێوە دیاربێت، بەڵام ناکرێت هەرگیز پشتگوێ بخرێن و هەمیشە وەک مەرجەعیەتێکی گرنگ دەبێت بۆیان بگەڕێینەوە، بەو مەرجەی بە پیرۆز سەیر نەکرێن و نەکرێنە لەمپەر لەبەردەم تازەگەری و گۆڕانکارییدا.

* لەم سەردەمەدا ناتوانین باسی سیاسەتی شەرعی بکەین، ئەگەر جیاوازی نەخەین لە نێوان ئەو فەرموودە و ڕەفتارانەی پێغەمبەری خوا کە تەشریعین و دەبێت پێیانەوە پابەندبین، ئەوانەش کە وەک مرۆڤێک فەرمویەتی یان پێی هەستاوە، هەروەها ئەوانەش وەک (ئیمام)ێک فەرموویەتی و کردوونی، یان بە زمانی ئەم سەردەمە بابەتە سیاسی و دادوەرییەکانی.

* فراوانكردنی چەمكی (سیاسی) زۆر پێویستە و هەنگاوی یەكەمە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی مەدەنی و بتەوكردنی بنەماكانی.

* سیستەمی مەدەنیەتی فرەیی دەبێت پەرەی پێبدرێت و گەشە بكات تا هەموو حیزب و چین و توێژ و دەستە و ریكخراوەكانیش بگرێتەوە، تا ئەوانیش دەسەڵاتەكان دابەش بكەن و راوێژ بكەن بە بنەمای ئیش و كاریان.

* تێگەیشتن لە فیقهی هاوچەرخ دەخوازێت كە سیاسەت بگەڕێنینەوە بۆ بنەما راستەقینەكانی كە جێبەجێبوونی مەبەستەكانی شەریعەتن لە ژیانی مرۆڤەكاندا، ئەمەش پێوریكە سەرجەم بەرژەوەندییە گشتییەكان لە واقیعدا دەستەبەر دەكات.